ئێلیف ئۆزمان لەزانکۆی مێرسین لە تورکیا بۆ گوڵان:

# پێویستە ئاک پارتی خۆی لەگەڵ باڵی سەربازی یەکلا بکاتەوە



**خاتوو ئێلیف ئۆزمان، شرۆڤەگەریی سیاسیی و قوتابی دکتۆرایە لەبەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەزانکۆی مێرسین لەتورکیا، ئەگەرچی ناوبراو خۆی بەڕەچەڵەک لە لازەکانی باکووری تورکیایە بەڵام لەزووەوە باوکی بۆ شاری مێرسینی کەنار دەریا کۆچی کردووە، هەڵوێستەکانی ئۆزمان لەبارەی کوردستان زۆر سەنگین و مرۆڤدۆستانەیە. ناوبراو لەوەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵان بەشێوەیەکی بوێر و ڕاشکاوانە باسی ڕیاڵیتەکانی ئەمڕۆی سیاسیی تورکیا دەکات.**

### بۆئەوەی گەنجەکانمان نەکوژرێن پێویستە بیوکانت ئیستیفا بکات

**سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا یەشار بویوکانت لە لێدوانێکی ڕۆژنامەونووسیدا لەبارەی ئەگەری ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا بۆ سەر خاکی کوردستانی عێراق ڕوونیکردەوە کە مەبەستی ئەوان لەئۆپەراسیۆن دژی پەکەکەیە نەک لەدژی عێراق. هەروەک گوتی: "ئێمە لەبەرامبەر خەڵکی عێراق پێویستیمان بەئۆپەراسیۆن نییە، من باسی بەرپاکردنی ئۆپەراسیۆنێک لەدژی پەکەکە دەکەم و، لەبەرئەوە تەنیا پرەسپێکتیڤی سەربازی دەدەم، لەبەرئەوە ئێمە لەچوارچێوەی ڕۆڵی خۆماندا دەجوڵێینەوە". بۆ شرۆڤە کردنی ئاخاوتنەکانی ئەم دواییەی سوپاسالاری تورکیا و مەترسی ئەنجامدانی لەشکرکێشی تورکیا لەکۆتایی وەرزی بەهار بۆ نێو خاکی کوردستان خاتوو ئێلیف ئۆزمان بەمشێوەیە سەرنجەکانی خۆی دەربڕی:**

لەو ئاخاوتنانەی یەشار بویوکانت تێدەگەین کە باڵی سەربازی بڕیاری لەشکرکێشی بۆ ناو هەرێمی کوردستان بەهیوای حکوومەت بەجێدەهێڵێ و تەنانەت ئەگەر بڕیارێکیش دەرکەوێ ئەوا دەبێ ئەو ئۆپەراسیۆنە بەهەماهەنگی حکوومەتی عێراق و ئیدارەی هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێ.

بەداخەوە، لەهەرێمی کوردستان هەندێک لەبەرپرس و میدیاکان هەڕەشەکانی ئەم دواییەی هێزە سەربازییەکانی تورک زیاد لەپێویست قەبە دەکەن، بەڵام بارودۆخی هەرێمەکە و هەڵوێستی ئەمریکا، ئەورووپا و کوردستان دەریدەخات کە سوپای تورکیا جەسارەتی ئۆپەراسیۆنێکی جیددی لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان ناکات، تەنیا جاروبار بەشێوەی هەڕەمەکی دەتوانن هەندێ لەناوچە سنوورییەکان بۆمباران بکەن و ئەوەش بەپاساوی هەڕەشەی پەکەکە، کە ئەمەش هیچ جۆرە مەترسییەک لەسەر کوردستان دروست ناکات.

بەڵام ئێمە پێویستە هێما بۆ هەقیقەتێک بکەین کە هەمیشە دەیشارینەوە. ئەو سەربازانەی کە لەشەڕی پەکەکە دەکوژرێن پتر لەحیسابی سیاسەتی هەندێ هێزی شاراوەی دەوڵەتەوە دێ، لەبەرئەوە ئەو هێزانە دەیانەوێ ئەو سەربازانە بکوژرێن. ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی پرسی کوردی لەڕێی میکانیزمەکانی دیموکراتییەوە چارەسەر نەکرێ. دیارە هاوڵاتیانی تورکیا نایانەوێ نە یەک ژەندرمە و نە یەک گەریلاش بکوژرێن. بەڵام من دەڵێم هەتاکو یەشار بویوکانت فەرماندەی لەشکری تورکیا بێت ئەوا کوشتنی گەنجان بەردەوام دەبێت. لەبەرئەوە هەموو بەهاران سوپای تورک بەجموجۆڵ دەکەوێت و چەندان گەنج ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکات، بەڵام نەک هەر سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە بەڵکو هەموو بەهارێک کۆمەڵێک کوژراو و ئیفلیج دەکەنە دیاری دەستیان بۆ کۆمەڵگای تورکی. بۆیەش لەم ماوانەی دواییدا دایکانی ئاشتی تورک لەئەنقەرە دەستپێشخەری دژی شەڕیان ڕاگەیاند. پێموایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ڕێگرتن لە بەکوشتدانی گەنجان دەبێ یەشار بویوکانت و گروپەکەی ئیستیفا بکەن و دەست لەپۆستەکانیان هەڵبگرن و چیتر نەبنە بەڵا بەسەر کۆمەڵگای تورکییەوە.

**سەبارەت بەڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕەواندنەوەی ناکۆکی و بارگرژییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، بەڕێز ئێلیف ئۆزمان گوتی:**

ئەمریکا دەمێکە نەیاری خۆی لەدژی هەر جۆرە لەشکرکێشییەکی تورکیا بۆ نێو خاکی کوردستان دەربڕیوە، تەنانەت سەردانی ئەم دواییەی

دەیڤید ساترفیێڵدی نوێنەری تایبەتی ئەمریکا لە کاروباری عێراق بۆ ئەنقەرە وەک ئاگادارکردنەوە و ترساندنی تورکیا بوو لەدەستێوەردانی سوپای وڵاتەکە بۆ نێو کاروباری هەرێمی کوردستان. هەروەک چەند جارێکیش پەیڤداری کۆشکی سپی ڕایگەیاندووە کە باشترین ڕێگا بۆ هێورکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر پێویست بەهەوڵی دیپلۆماسی و سازدانی دیالۆگ دەکات. بەڵام گرفتی سەرەکیی تورکیا ئەوەیە کە ناخوازێ قەبووڵ بکات کە مەسەلەی پەکەکە مەسەلەیەکی سیاسیی ناوخۆی تورکیایە و پێویستی بەگرتنەبەری میکانیزمی ئاشتی و دیموکراتیانە هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

ئەمڕۆ نزیکەی ٥٠٠ کۆمپانیای تورکی لەهەرێمی کوردستان کار دەکەن کە بەگوتەی سەرۆکی کوردستان بۆ ئاژانسی (ئاکا)ی ئیتاڵی ئەو کۆمپانیایانە سەرمایە و قازانجەکانیان دەگاتە ٤٠٠ ملیار یۆرۆ، ئەمەش ئەو هەقیقەتە نیشاندەدات کە هەرێمی کوردستان نیازی بەرامبەر تورکیا خراپ نییە و حەز دەکات پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی سیاسیی و کولتووریی و زانستی و ئابوورییەوە پەرە پێبدات.

بەداخەوە، ستراتیژیەتی تورکیا ئەوەیە هیچ کاتێک ناخوازێ کورد بەهێز بێت یان قەوارەیەکی سیاسیی هەبێت وەک ئەوەی ئێستا لەهەرێمی فیدراڵی کوردستان لەئارادایە، لەم روانگەیەوە تورکیا هێزەکانی خۆی لەسەر سنوور کەم ناکاتەوە بەڵکو ئەگەر دەرفەتی پێ بدرێت تا کەرکووکیش دێت. پێشتر ڕۆژنامەی جمهوریەتی تورکی نووسیبووی ئامادەکاری دەکرێت بۆئەوەی (١٥٠) هەزار سەرباز بچنە نێو خاکی عێراقەوە هاوکات سوپاسالاری تورکیاش ئەوەی رەت نەکردەوە. بەڵکو بەخەباتی رۆتینی لەقەڵەمدا. هەرچەندە ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم پرۆژەیە ئێستا پێکدێت بەڵام بەگوێرەی کۆبوونەوە نهێنییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا (MGK) ئامادەکاری بەمشێوەیە بەدی دەکرێت.

وەکو پێشتریش ئاماژەم پێکرد، دەنگوباسی لەمشێوەیە زۆرجار لەمیدیاکانی تورکیا دەوروژێنرێت. دەوڵەتی تورکیا پرۆژەیەکی بۆ هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری کەرکووک بەتایبەتی هەیە. لەبواری لەشکریدا ئامادەکاریی دەکەن بەڵام چاوەڕێی دەرفەتی سیاسیی دەکەن، ئەگەر تورکیا هەلێکی سیاسیی بۆ هەڵکەوێ ئەوا پرۆژەکەی دەخاتە واری پراکتیکەوە، ئەمەش بەئاشکرا لەراگەیاندنەکانی تورکیا رەنگی داوەتەوە، هەروەک ژەنراڵ یەشار بویوک ئانت لەدوایین کۆنگرەی ڕۆژنامەگەریدا هێمای بۆ کرد. بەڵام دەرفەتی سیاسیی پەیوەستە بەهەڵوێستی سیاسیی ئەمریکاوە، بەتێڕوانینی من ئەمریکا زوو بەزوو ڕێگا بەم پرۆژەیەی تورکیا نادات چونکوو ناکۆکی و کێشەگەلێکی جیاواز لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ.

## هەڕەشەکانی سەر کوردستان بەردەوام دەبێ و پێویستە کورد خۆی بەهێز بکات

**ئێستا هەندێ داتا و ئاماژە بەدی دەکرێ کە هێزەکانی تورکیا لەحاڵەتی ئامادەباشیدان بۆ هێرش. بەپێی ڕاپۆرتەکان ئێستا هەوڵی خاوێنکردنەوەی کێڵگە مینیەکان لەسەر سنوورەکان جێبەجێ دەبێ و هێزە تایبەتییەکانی تورکیا بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ ڕێگە بەستن لەهەڵاتنی ئەندامانی پەکەکە تا قوڵایی ٤٠ کیلۆمەتر بۆ نێو خاکی کوردستان دزەیان کردووە. لەمانگی ڕابردووشدا نزیکەی ٢٠٠ هەزار سەربازی ترزکیا لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان مۆڵ درابوون.. سەبارەت بەو پرسەی لەحاڵەتێکدا ئەگەر بەهۆی پێداگریی سوپاوە هەوڵ و تەقەلاکانی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ نێو کوردستان بەئاکام بگات، ئەوکاتە پێویستە هەڵوێست و کاردانەوەی کوردان چۆن ئاراستەگیر ببێت؟ لەمبارەیەوە خانمی ئۆزمان دەڵێت:**

ئەگەر هەوڵەکانی تورکیا سەربکەوێ ئەوا لەبەرامبەردا پێویستە کوردان لەهەموو پارچەکانی کوردستان دەست بەهەڵمەتێکی بەرفراوان بکەن بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پلانانە و سەرکۆنەکردنی، پێموایە لەم قۆناخەشدا پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان هێزە سەرەکیەکانی کوردان بەپێویستیەکی ژیانی دەزانم بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرش و پلانێک لەسەر گەلی کورد. بەتێڕوانینی من هەڕەشە و گەلەکۆمێ لەسەر کوردستان بەدی دەکرێ. هەرچەندە هەندێک وابیر دەکەنەوە کە ئەمریکا خۆی لەعێراق و ڕۆژهەڵاتی ناویندایە و هەڕەشە لەسەر کوردان نەماوە، بەڵام من وای دەبینم، ئەم جۆرە تێڕوانینە زۆر ئیفلیجە کە دەڵێ هیچ هەڕەشە و ئاستەنگێک لەبەردەم کوردستان نەماوە، سەرنج دەدەین چەند ڕۆژێک لەمەوبەر قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکوومەتی کوردستان لەئەمریکا بەئاشکرا ترسی خۆی لەوە دەربڕی ئەمریکا دووبارە خیانەت لەکوردان بکاتەوە بەهۆی ئەدائی تەمومژاوی ئەمریکییەکان لەعێراق و ئەو ڕابردووە تاڵەی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد هەیەتی، لەبەرئەوە ئەمریکا دەوڵەتێکی مەزنە و بەرژەوەندی ستراتیژیی چۆن پێویست بکات وا مامەڵە لەگەڵ کێشە و ململانێکان دەکات. بۆیە کاری هەرە گرنگ ئەوەیە کورد خۆی بەهێز بکات و هەماهەنگی و کۆمەکی یەکتری بکەن و، لەوەش زیاتر هەوڵ بدەن سیاسەتێکی نەتەوەیی لەسەر ئاستی هەموو کوردستان بەڕێوە ببەن بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەوەی پلانی نەیارانی کورد.. لەوانەیە ئێستا دەرفەتی سیاسیی ڕێگای ئەوە نەدات پارتە سیاسییەکانی کورد لەپارچە جیاجیاکانی کوردستان بەیەکەوە دانیشن و ڕێککەوتنی سیاسیی مۆر بکەن، بەڵام لەو بڕوایەدام دەتوانرێ بۆ بەرژەوەندی گەلی کورد هەر لایەنە لەشوێنی خۆیدا ستراتیژیەتێکی هاوبەش پێڕەو بکات. لەبەرئەوە بەچەندان ڕێگەی جیاواز دەتوانرێ پەیوەندی پێش بخرێ و، هەتاکو کوردان لەبەرامبەر مەترسی بەمشێوەیە هوشیار و چاوکراوە بن.

**تورکیا پرۆژەیەکی بۆ هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری کەرکووک بەتایبەتی هەیە**

**سوپای تورکیا جەسارەتی ئۆپەراسیۆنێکی جیددی لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان ناکات، تەنیا جاروبار بەشێوەی هەڕەمەکی دەتوانن هەندێ لەناوچە سنوورییەکان بۆمباران بکەن**

**ئەمریکا دەوڵەتێکی مەزنە و بەرژەوەندی ستراتیژیی چۆن پێویست بکات وا مامەڵە لەگەڵ کێشە و ململانێکان دەکات. بۆیە کاری هەرە گرنگ ئەوەیە کورد خۆی بەهێز بکات و هەماهەنگی و کۆمەکی یەکتری بکەن**